
# قالیچەی فڕیوی دیجیتالی

ئەوەی پێشووتر لە ئەفسانە و چیرۆکەکاندا بوو ئەمڕۆ دەبێتە ڕاستی، هەروەك کۆداپتەری جۆری chAIR کە لەلایەن ئەندازیار ئەلێکس بۆرگەوە بەرهەم هاتووە، ئەم کۆداپتەرەوە کە بە قالیچەی فڕۆك ناسراوە تەنیا بۆ وێنەگرتن نییە، بەڵکو دەتوانێت کەسێك چەند کەسێك هەڵبگرێ و بە هەوادا بفڕێ. کۆداپتەرەکە لە ٧٦ ڕۆتۆری ئەلکترۆنی پێکهاتووە کە لێك جیا دەبنەوە. وزەکەی لە ٨٠ باتری وەردەگرێ کە کێشی باترییەکان ٣٥ کیلۆیە.

ماوەیەك لەمەوبەر یەکەم هەڵفڕینی کۆداپتەرەکە بە سەرکەوتووی ئەنجام درا، بەڵام تەنیا ٨ خولەك فڕی ئەمەش ماوەیەکی زۆر کەمە بۆیە تا گەیشتن بەسەرکەوتن ڕێگایەکی درێژ لەبەر ڕێگای ئەلکسی دایە.







## یاری ئەتاری لە مۆبایلدا

لەم سەردەمەدا کە ئامرازەکانی یاری کردنی ئەلکترۆنی جگە لە کۆمپیوتەر و مۆبایل گەلێکن، بەڵام زۆر کەس حەز دەکات جارێکی دیکە یاری کردن بە ئەتاری کە سەرەتایی ترین ئامێری یاریکردنی ئەلکترۆنی بوو بگەڕێتەوە.. کۆمپانیایەك ئەم خولیایەی زۆر کەسی هێناوەتەوە دی و هەر بە مۆبایلەکەی خۆت و ئامێری SmartBoy Hyperkin دەتوانی یارییە کلاسیکە کۆنەکان و یاری نوێ ئەنجام بدەی.. هەروەك لە وێنەکەدا دیارە مۆبایلەکە دەچێتە ناو ئامێرەکە و بەپێی دوگمەکانی سەر ئامێرەکە دەکرێ یارییەکە کۆنترۆڵ بکەی، جگە لە یارییەکانی ناو مۆبایلەکە خودی ئامێرەکەش یاری تێدایە. بۆ یارییە بچووکەکان زۆر گونجاوە و خودی ئامێرەکەش شەحن دەکرێتەوە..

## کیبۆردێکی بچ

هەرچەندە مۆبایل چ سیستەمی ئەندرۆید یا سیستەمی ios واتە ئایفۆن خۆیان کیبۆردی مەجازیان تێدایە، بەڵام جیاوازی حەقیقی مەجازی گەلێك زۆرە.. ڕاستە مۆبایل بۆ نووسینی بابەتی زۆر نابێت، بەڵام جار هەیە ناچاری چەند لاپەڕەیەك بە مۆبایل بنووسی بە کیبۆردی مەجازی مۆبایل نووسینی لاپەڕەیەکیش دژوارە...



# هارددیسکی بەهێز و جێگای متمانە

لە دوای فلاش میمۆری بۆ هەڵگرتنی داتاکان، ئەویش بە قەبارەی گەورە و ئەرشیف کردنی داتاکان هارددیسک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، جیاوازی نێوان فلاش میمۆری و هارددیسک لەوەدایە، فلاش میمۆری زیاتر بۆ راگواستن و هەڵگرتنی داتاکان بۆ ماوەیەکی سنووردار و کورت مەودایە، بەڵام ئەگەر بتەوێ داتاکان لە ماوەیەکی درێژخایەندا هەڵگری و کێشەی بۆ نەیەتە پێش ئەوە هارددیسکی گرنگی خۆی هەیە.

کۆمپانیای (silicon power) یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کە زیاتر چالاکییانەی لە بواری هەڵگرتنی داتاکاندا چڕکردۆتەوە، بەم دواییە چەند جۆرە هاردێکی بەرهەم هێناوە کە توانا و تایبەتمەندییەکانیان جیاوازە.

هارددیسکی جۆری diamond D30 بەجۆرێك دروست کراوە کە لەبەرکەوتن و تێچوونی ئاو کێشەیەی بۆ نەیەتە پێش. هارددیسکی ناوبراو چەند جۆرە قەبارەی بۆ داکردن هەیە وەك ٥ ترابایت، ٤ ترابایت و ٢ ترابایت و ١ ترابایت.. لەگەڵ هەموو سیستەمێکی ویندۆز و لینۆکس و ماك دەگونجێت. کێشی هاردیسکەکە لە ١٣٧ گرام هەتا ٢٤٢ گرامە.

# قەڵەم و دەفتەرچەی یادداشتی دیجیتالی

لەمێژە لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی هەوڵدراوە قەڵەم و کاغەز بەشێوەی کلاسیکی نەمێنێ و بۆیە قەڵەمی دیجیتالی و کاغەزی دیجیتالیان بەرهەم هێناوە. یەکێك لەو کۆمپانیانە wacomە کە دوو پاد (دۆشکەچە)ی زیرەکی بەناوەکانی bamboo salte و bamboo بەرهەم هێناوە لەگەڵ قەڵەمی زیرەکی bamboo omi، هەرچەندە ئەو ئامێرانە لەمێژە بەرهەم هاتوون بەڵام لە نوێترین ڤێرژنیاندا گۆڕانکاریان تێدا پێکهاتووەو تایبەتمەندی نوێیان بۆ زیاد کراوە.

بە ئاسانی لەسەر پەدەکە هەرچی بنووسی بە داگرتنی دوگمەیەك ئەوەی نووسیوتە یان کێشاوتەوە بۆ سەر ئەپلکەیشنێکی تایبەت بە خۆی بەرێ دەکرێت. لەسەر دوو کاغەزی ستاندەری A4 و A5 دەگونجێت.

بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامێرە هۆشمەندە پێویست دەکات ئەکاونتێکت لە کۆمپانیادا هەبێت و ئەوکات شوێنی داکردنی ٥ گێگابایت پێدەدرێ، ئەم شوێنەش بەقەد خەزنکردنی شەش هەزار لاپەڕەیە وزیاتریش.. خۆشت دەتوانی بە دانانی پارەیەکی کەم ٥٠ گێگابایت وەدەست بێنی..

دەفتەرچە دیجیتالییەکە نووسینەکەت دەکاتە بە دیجیتالی و بەهەر فۆنتێك کەمەبەستە دەگۆڕدرێ. واتە تۆ لەبری تایب کردن لەسەر کاغەز دیجیتالییەکە بنووسە و دواتر بیگۆڕە بەو فونتەی مەبەستتە. هونەرمەندانی شێوەکار و ئەندازیارانیش دەتوانن ئەوەی مەبەستیانە بیکێشنەوە یان دیزاینی بکەن.



# ووک بۆ مۆبایل

کیبۆرد گەلی زۆر بۆ مۆبایل بەرهەم هاتوون یەکێك لەو کیبۆردانە جۆری jorno یە.. تایبەتە بە ئایفۆن و بۆ هەر مۆبایلکی دیکەش دەگونجێت. کیبۆردەکە دوگمەکانی زۆر بچووکترن لە دوگمەی کیبۆردی ئاسایی و جگە لەوەش خودی کیبۆردەکەش دەنوشتێتەوەو هێندەی دیکە قەبارەی بچووکتر دەبێتەوە. کاتێك کیبۆردەکە شەحن دەبێتەوە هەتا مانگێك شەحنی دانابەزێت.



# ئامێرێک بۆ شەحنکردنەوەی باتری



شەحنکردنەوەی باتری جۆری AA واتە ئەو باتریانەی کە دەکرێت لە جارێك زیاتر بەکاریان بێنی گرنگی خۆی هەیە، ئەگەرچی زۆربەی کۆنترۆڵەکانی ماڵەوە یان ئامێرەکانی وەك کامێرا، زەخت پێو، جەرەسی دەرگا..تاد باتریان دەوێت کەمتر باتری جۆری Ni-Cdیان جۆری Ni-MH بەکار دێنین.. بۆ شەحنکردنەوەی باتری هەرچەندە ئامێری بچووك هەیە کە هەتا ٨ باتری و زیاتریش شەحن دەکاتەوە، بەڵام هیچ ئامێرێك وەك ئامێری Eneroid نییە کە دەکرێت زیاتر لە ١٠٠ باتریش پێکەوە شەحن بکاتەوە، بەبێ ئەوەی شوێنی تایبەتی هەبێت بۆ دانانی جەمسەرەکانی باتری.. بەڵکو خۆی وەك سندوقێکی بچوك دەچێت و باترییەکان هەڕەمەکی تێداوێی.. بەرزایی ئامێرەکە ٨ ئینجە. ئامێرەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی سەرەوە باتری شەحن نەکراوەکانی تێداوی و خوارەوەش ئوتۆماتیکی هەر باترییەك شەحن ببێتەوە دەچێتە خوارەوە.. شاشەیەك هەیە بۆ نیشاندانی ئاستی پڕبوونەوەی باتری و بەکارهێنەر دەزانێت چەندی ماوە باترییەکان شەحن ببنەوە..

# ناسراوترین پرۆگرام بۆ وێنەی ڤیکتۆر

وێنەی ڤیکتۆر (vector) ئەو وێنانەن کە کوالیتی و دیقەیان زۆر لەسەرێیە و بەڵام قەبارەی هەڵگرتنیان زۆر لە خوارێیە.. ئەوە باشترین خاڵی ئەو جۆرە وێنانەیە.

ئەوانەی گرافیك و نەخشەسازی دەکەن دەزانن کە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ لە ریزی پرۆگرامە مەزنەکان دێت و لە ریزی یەکەمیان دێت.. پرۆگرامی Adobe Illustrator کە ئەویش سەر بە زنجیرە پرۆگرامی ئەدۆبە، لە ریزی یەکەمەکان دێت بۆ دروستکردن و دەستکاری کردنی وێنەی ڤیکتۆر.. دوایین ڤێرژنی ئەم پرۆگرامە Adobe Illustrator CCە، هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە بۆ ئەوانەی شارەزای پرۆگرامی Adobe Illustrator CC نین ئەمانەن:



- لەگەڵ گشت پرۆگرامەکانی زنجیرەی ئەدۆب دەگونجێت.
- جگە لە زنجیرەی خۆی لەگەڵ زیاتر لە ١٠٠ پرۆگرامی دیکەش دەگونجێت.
- ئەوپەڕی وردبینی لە نەخشەسازی جۆرەکانی ڤیکتۆر.
- ئەوپەڕی وردبینی لە نیشاندانی ئێفکتێە نوێیەکاندا.
- پشتیوانی کردن لە زۆربەی زمانەکان بۆ نموونە زمانی کوردیش.
- لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی ویندۆز دەگونجێت.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، مۆبایلەکەم ناتوانم هیچ شتێکی نوێ دابەزێنم یان وێنەیەك بگرم پەیام دەدات کە میمۆری پڕ بووە کەچی میمۆریش پڕ نەبووە ڕێگا چارە چییە؟

خوێنەری بەڕێز هۆکاری هاتنی ئەو پەیامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یان رامی مۆبایلەکەت کەمە، یان چەندین پرۆگرامت پێکەوە کردوونەتەوە، یا چەند پرۆگرامێکت سڕیوەتەوە بەڵام فایلە شاراوەکانی ئەو پرۆگرامە هەرماونەتەوە.. بۆ ڕێگا چارەی ئەوە دەبێت لەسەرەتادا هەموو پرۆگرامەکان دابخەی، دواتر بچیە سەر بەشی پرۆگرامەکان بزانە کامە پرۆگرام داتاکانی شوێنی زۆریان داگرتووە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەگشتی داتاکانیان زۆر شوێن دادەگرن، داتاکان بسڕیەوە.. وێنە و فیلمەکان بۆ سەر میمۆری کارت یا بۆ سەر گوگل درایو یا درۆپ بۆکس رابگوازی..



# سکاینەرێکی بچوک و بەتوانا

سکاینەر بۆ گۆڕینی داتای سەر بەڵگە و دوکیۆمێنتی سەر کاغەز بە بەڵگەی دیجیتالی گرنگی خۆی هەیە، سکاینەرەکان گەورە و بچووکیان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن ئەویش ئەوەیە کۆپییەکی دیجیتالی لە کاغەز و دۆکیۆمێنتەکان بگرن.. رەنگە بڵێن سکاینەرە بچووکەکانیش هەمان رۆڵی سکاینەرە گەورەکان دەبینن، دەکرێ بڵێین لەوانەش گرنگتر بۆ نموونە سکاینەری جۆری Fujitsu ScanSnap iX100 کە سکاینەرێکی پورتێبڵە و هەڵگرتنی زۆر ئاسانە، کێشی سکاینەرەکە تەنیا ٤٠٠ گرامە و تەنیا لە ٥ چرکەدا لاپەڕەیەکی A4 سکان دەکات، بگرە لاپەڕەی گەورەتریش سکان دەکات، خاڵی گرنگ لەوسکاینەرەدا ئەوەیە لە یەك کاتدا هەردوو رووی پەڕێك سکان دەکات، سکاینەرەکە لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، خاڵی هەرە گرنگ لەو مۆبایلەدا ئەوەیە کە پەیوەندییەکە بەبێ وایەرە و جگە لەوەش خۆی راستەوخۆ هێڵی ئینتەرنێت وەردەگرێ و دوکیۆمێنتەکان دەتوانێت لەکاتی سکانکردندا بۆ هەرکەسێك مەبەستە لە هەر شوێنێك بی بەرێ بکەی، خۆی شەحن دەبێتەوەو پێویستی بەکارەبای راستەوخۆ نییە و باترییەکەی هەتا ٢٦٠ لاپەڕە سکان کردن دانابەزێت. شوێنی تایبەتی هەیە بۆ سکانکردنی کارتی بیزنس و ریکلام و پێناسە وە هەروەها شوێنی تایبەتی هەیە بۆ سکانکردنی وێنەکان بە هەر قەوارەیەك بن. پرۆگرامی تایبەتی خۆی بەناوی ScanSnap Cloud کە راستەوخۆ فایلە سکانکراوەکان بۆ dropbox یان گوگل درایڤ بەرێ دەکات. خودی سکاینەرەکە لاپەڕە سکانکراوەکان دەکاتە بە pdf و هەروەها دەتوانێت نووسراوی سەرلاپەڕەکان بکاتەوە دەق و جارێکی دیکە دەستکاریان بکەی.

خاڵێکی بەرچاو لەو سکاینەرەدا ئەوەیە کاتێك لاپەڕەیەك سکان دەکات گەر وێنە بێت لە شوێنی تایبەت بە وێنە بۆ نموونە گالێری مۆبایلەکان خەزنی دەکات، ئەگەر دەقیش بێت لە مەی دۆکیۆمێنتدا خەزنی دەکات و کارئاسانی زۆر دەکات بۆ لێکجیاکردنەوەی لاپەڕە سکانکراوەکان..



# سایتێک بۆ لاپەڕەی ئامادەکراوی پاوەرپۆینت

پرۆگرامی پاوەرپۆینت PowerPoint بۆ نیشاندانی سلایدەکان بۆ روونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکان، بەتایبەت بۆ مامۆستایان و خوێندکاران گرنگی خۆی هەیە، نە تەنیا ئەوان بەڵکو بۆ سیمینار و خولەکانی فێرکاریشی بایەخی تایبەتی هەیە..

بەکارهێنانی پاوەرپۆینت ئاسانە بەڵام کات گرە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی باشترین لاپەڕە و فرێمی ئامادەکراوت دەست بکەوێ سەر لە سایتی http://slidehunter.com/ بدە.. سایتێك کە هەزاران لاپەڕەی ئامادەکراوی تێدایە.. بەکارهێنەر تەنیا ئەوەندەی لەسەرە کە دەقەکان بگۆڕێ یان گۆڕانکاری لە ستایل و فۆنتەکەی دا بکات، ئەگینا خۆیان ئامادەکراون و هیچ پێویست بە ماندووبوون ناکات..